


# تاراوگەو گوڵەژاکاوەکانی بەهەشت*

**مامۆستا جەعفەر**

راستە دەرگای جیهانی سیاسەت بەناو رێگە پێچاوپێچەکانی دەسەڵاتدا تێدەپەڕێت، بەڵام شاکارێکی ئەدەبی‌و هونەری، زیندووترو نەمرترە، لەچاو کارێکی سیاسیی کاتی. رەنگە کەم کەسی بریتانی ناوی مەلیك‌و دەسەڵاتدارانی ئینگلترەو ویلزو سکۆتلاندەی سەدەی شانزەو حەڤدە بزانێت، بەپێچەوانەوە ژمارەیەکی زۆرکەم هەیە شانۆیی "هاملێت و رۆمیۆو جۆلێت و بازرگانی ڤینیسیا"ی ولیەم شکسپیری نەبینیبێت، یان نەیخوێندبێتەوە. کەم کورد هەیە ناوی شاکاری "مەم‌و زین"ی ئەحمەدی خانی-ی نەبیستبێت، کەچی ئەو میرەی هاوچەرخی خانی بووە، کەم کەس هەیە ناوی بزانێت!.

مەبەستم ئەوە نییە هێڵی چەپو ڕاست بەسەر کارە جوانو مرۆڤانەکانی هەموو سیاسییەکاندا بهێنرێتو هەرهەمووی بەهیچ دانرێت، بەبیانووی ئەوەی ئەدەب نەمرو زیندووەو تەمەنی دەسەڵاتی سیاسی زۆر کورتەو کاتییە. من ئەدەبو سیاسەت بەناکۆکی یەکتر دانانێمو پێموایە ئەدەب دەتوانێ ئامرازێکی پەروەردەو گۆڕان بێت، یان کەتالیزاتۆر، واتە: فاکتەری یاریدەدەربێت لە پرۆسەی گۆڕانە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکاندا. ئەدەبیش هەیە ئامرازی سرکردنی هۆشو بیرکردنەوەیەو هیچ ڕووناکیو جوانیو تروسکایی تێدا بەدی ناکرێت.

ئایا سیاسییەك دەتوانێت ببێتە شاعیرو چیرۆکنووس؟ ئایا چیرۆکنووسێك، یان هونەرمەندێك دەتوانێت بەشداری لە کاری سیاسیدا بکات؟

هەڵەیەکی سیاسیی گەورەیە، مرۆڤێکی سیاسیی ناسراو، دەست بداتە قەڵەمو چیرۆك بنووسێت! هەڵەیەکی گەورەترە ئەگەر کەسێك لەجیهانی پڕ لە ڕازو نهێنیی چیرۆکەوە بۆ جەنجاڵیی جیهانی کاری سیاسی قەڵەمبازێك بدات!. من خۆم هێشتا نازانم لە کام هۆبەدا ڕەشماڵم هەڵداوە؟ ڕۆژێك میوانی کەڵەشاعیرو نووسەرانو پێکەوە قاوە دەخۆینەوەو باسی گوینتەر گراسو هاینرش بوێلو ڕایش ڕانسکیو گوێتەو پیکیتو جیمس جۆیس دەکەین، ڕۆژێکی تر لەگەڵ پێشمەرگەی دێرینو پسپۆڕە سیاسییەکاندا لەسەر ئەزموونی تاڵو شیرینی دەسەڵاتو ململانێی پاكو ناپاك دەدوێین. مێرووله چۆن بیر لەسەر مانگ دەکاتەوە؟ سووڕانەوەی مانگ چ پەیوەندییەکی بەبیرکردنەوەی مێروولەوە هەیە؟

نازانم هەڵبژاردەی سیاسی (ئیلیتە)ی کوردی چی لەسەر چیرۆكو کارە ئەدەبییەکانی من دەزانێتو چی نازانێت، ناوم لەسەر شەپۆلی سرکی کام دەریا نووسراوەو نەنووسراوە؟ ئەوەش نازانم بازنەو کۆڕە ئەدەبییە داخراو و دانەخراوەکان، لەسەر کام پەلکەزێڕینە سێبەری باڵندە کێوییەکان ناویان نوسیوومو چی لەسەر چالاکیی من دەزانن‌و نازانن؟

خەباتی سیاسیی سەخت، ژێرزەمینیو شاخ، ئەوەندە بەختەوەری نەکردووم، بەبەردەوامی تێکەڵاوی لەشکری قەڵەم بەدەستو شەرە تفەنگی سەر لاپەڕەی ڕۆژنامە کوردییەکان ببم. ڕۆژانی تر ئەوەندە کاتم نەبووە گوێ بۆ تاقگەی شیعرو ڕەهێڵەی چیرۆك بگرم. لە تەمەنی هەرزەکاریدا مندالٌ حەزی لە سەرچڵبازی و سەرەڕۆییو گۆبەندنانەوەیە.. هەیە دەیەوێت دەوری کاوبۆی بگێڕێتو هەیە فێری جگەرەو قومارو هێن دەبێت. هەیە هەر لەخۆوە بەچاونووقاوی خۆی هەڵدەداتە ناو گۆمی سیاسەتەوە، بەبێ ئەوەی مەلە بزانێت. هەیە ڕەدووی لوولەی تفەنگ دەکەوێتو دەست لە شاخ بەرنادات.. شەهید غاندیو کاك حەمید هەر لە تەمەنی هەرزەکارییەوە سواری ئەسپی ڕامنەکراوی سیاسەت بوون، بەبێ ئەوەی خۆیان لەڕووی تیۆریو زانستییەوە پڕچەك کردبێت. هەر زوو تووشی گرتنو ڕاوەدوونانو پێشمەرگایەتیو ئاوارەیی بوون. لەکۆتاییشدا ژیانیان بەو شێوەیە کۆتایی پێهات، کە گەلێ لە خوێنەرانی ئازیز دەیزانن.

**چارەنووسی ئەوان بۆ منی لاو، مۆتیڤو هاندەر نەبوو:**

نەمدەویست ئەزموونی تاڵو سوێری ئەوان دووبارە بکەمەوە. هەندێ جار کەسانی حزبیو خوێندکاران بەمەبەستی ڕاکێشان لێم نزیك دەبوونەوە، بەڕاشکاوی پێم دەگوتن: لە کوردستاندا کارکردنو خەباتی سیاسی هەروەکو ئەوە وایە لەناو ڕووبارێکدا مەلە بکەیتو پڕی لەتیمساح بێت!..

(To do politics in Kurdistan is like swimming in a river full of crocodiles)

زۆربەی کات نوێژم دەکرد، لەخوا دەپاڕامەوە، بەدەنگی بەرز قورئانم دەخوێند. لەکاتی (عاشورا)دا بۆ حوسەینییە دەچووم. لەژێر ئاڵای ڕەشو سەوزی دەستەی زنجیرزەنو سینگکوتانو هاواری یا عەلیو یا حەسەنو حوسەین، بەخەمو پەژارەوە دەڕۆیشتم.. شوباتی ساڵی 1963 شاڵاوێکی کوردگرتنو پەلاماری ئەندامانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لە خانەقی دەستی پێکرد. غاندی پێوە بوو. ئەوکات تەمەنی (15) بەهاری تێنەپەڕاندبوو، لەگەڵ شەهید محەمەد یاوەرو محەمەد جەلیلو ئاوات عەبدولغەفوورو.. هتد گیران. من پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بووم. نیوەشەو لە سەربانو لە کۆڵانەوە، هەروەکو کولله هێرشیان کرد. لە هەر چوار

لاوە بەسەرماندا داباریـن. کاتێك لەخەو رابووم پۆستاڵ دەباری، لوولەی تفەنگێك لەناو دەممدا بوو. شریخەو هارەی میلهێنانەوەو شکاندنی دەرگاو پەنجەرەو قاپو کەوچك، ئەمە یەکەمین پێناسەی (حەرەس قەومی) و (حزب البعث) و (8)ی شوباتی رەش بوو. هەر لەو رۆژەوە دەزانم، کە دەبێ لەکام بەرەدا خۆم بدۆزمەوە؟

چ خۆشیو شادییەك دەتوانێت ئەو وێنە خوێناویو درێوانە لە بیرەوەیی منالێك بسرێتەوە؟ بێگومان کورد نەبوومایە قەت بیرم لەوە نەدەکردەوە رۆژێك لەرۆژان داوای ئەندامێتی، رەوانەی حزبێك، یان رێکخراوێك بکەم. سوپای رەشی ژەهرو کوللە لە ئاسمانو لە بن زەوییەوە شالاوی دەهێنا، تەرو وشکی پێکەوە دەسووتاند. تۆ ناسنامەت نەبوو، بەزۆر فێربوونی زمانی دایکیان لێ قەدەغەکردیتو بە تۆپزی فێری زمانێکی تریان کردیت، ژمارەیەك حەزو بەهرەو ئارەزوو دەپلیشێتەوەو کەسایەتیی تاك، هەر لە تەمەنی منداڵییەوە تووشی تێکشکانو ناهاوسەنگیی دەروونی دەبێت. رەنگە خۆشم ئەو راستییە ئەفسووناوییە باش نەزانم، کەی یەکەمین جار تێکستێکی ئەدەبیم خوێندووەتەوە، یان لێکۆڵینەوەیەکی سیاسیم بەرچاو کەوتووە؟ یەکەمین نووسینم پەخشانێکی ئەدەبی بووە، یان لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵایەتی، مێژوویی؟

ئەگەر لەنێوان جیهانی ئەدەبو جیهانی سیاسەتدا هێڵێکی ئاسۆیی هەبێت، ئەوە بەدرێژایی تەمەن پێیەکم لەمدیو، پێیەکم لەودیو بووە! نەتوانیومە ماڵئاوایی یەکجارەکی لە درکو داڵی کاری سیاسی بکەمو دواپردی گەرانەوە بەدوای خۆمدا بتەقێنمەوە، نەتوانیومە بەیەکجاری دەستبەرداری چاو و نیگای شیعرو چیرۆکو رۆمان بم!



نووسەر. منداڵی

جاران دەمتوانی، لەنێوان ئەمسەرو ئەوسەری ئەم دوو هێڵەدا بەوردی جیاوازی بکەم، بوار بەخۆم بدەم تەنیا هێڵێك زەقو بەرچاو بێت، هێڵەکەی تر نسیو سەهۆڵبەندانو شاراوەبێت. بەرپرسیارێتیی سیاسی کەمتر بوار دەدات ئاور لە گوڵو گوڵزاری شیعرو پەخشان بدرێتەوە. ئەوکاتە من دەبوایە گوتاری ئاگرین، وروژاندنو هاندان، بەبەردەوامی ئامادە بکەم، نەك رۆمانو چیرۆکو سیناریۆ.. جەماوەرو رێکخستن بەبەردەوامی پێویستیان بە نووسینی وروژاندنو جۆشدانو حەماسەت بەرزکردنەوە بوو. گەر یەکێك شاعیری جووتیاران بێت، یان بتوانێت بەگوتاری ئاگرین خەڵك بۆ ناو کوورەی خەبات هانبدات، ئەوە ئەو کەسە لەرێگەی میدیۆمی راستەوخۆوە بەشداریی لە شۆرشو کاری سیاسی کردووە. ئەو دوو میدیۆمە بەشداریی راستەوخۆ، هاندانو وروژاندن بۆ کاری جەماوەری پێویستە. شێوەکانی تری ئەدەب: رۆمان، شانۆ، کورتە چیرۆك، لەبن ئاسمانی پڕ میتۆلۆجیاو ئەفسانەی رۆژهەڵاتدا

نەتوانراوە سوودی لێ وەربگیرێت. ئەم هەلو مەرجە یارمەتیدەر نەبووە بۆ ئەوەی یەکێکی وەکو من بەچیرۆكو ڕۆمان بەشداریی چالاکانە لە شۆڕشدا بکەم.

هەندێ جار دەقێکی هونەریی دوور لە سیاسەتم نوسیووە، بەبێ ئەوەی لەبازنەی (ئەدەب بۆ ئەدەب) دانرێت. دوور لەسیاسەتی من ناوەڕاستی جەنجاڵیی سیاسی بووە، بەڵام ئەمە پێناسەی من بووە بۆ دوور لە سیاسەت. هەر وشەیەکم نووسیبێت بێ مەبەست نەبووە. نووسین میدیۆمی گۆڕاندنو گۆڕانی کۆمەڵایەتی بووە. هەندێ نووسین هەر زۆر گران لەسەرم کەوتوون، بەڵام بێدەنگیم هەڵنەبژاردووە. ئەوکاتەی لەناو شۆڕشدا بووم، سروشتی ئەوکارە ناچارت دەکات تەنیا گوتاری سیاسی بنووسیت!

ئێستا هەست دەکەم ئەم دوو دیوارە بڵندەی من بەدرێژایی تەمەن ویستوومە بەئازادیو سەرفرازی، لە ناوەڕاستیاندا پیاسەی ئێواران بکەم، جارێك ئەم لاو جارێك ئەولا، ئاڕاستەم لێ تێکنەچووە. زۆر هاوڕێو ناسیاو و خوێنەر پێم دەڵێن: هەردوو دیوارەکە لای تۆ خەریکە لەیەك دەدەنو دەبن بەیەك، ئەگەر هەردووکیان وەکو یەکیان لێ نەهاتبێت، ئەوە خەریکە بەشێنەیی ڕەنگی یەکتر دەگرن.

لە ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوادا یەك شێوە دابونەریتو ڕێسا لەناو کاستی سیاسیی کلاسیکیدا باڵادەستە، نابێ قسەی دڵو زمان یەکێك بێت. دەربڕین لە ڕاستەوخۆوە بۆ ناڕاستەوخۆ بگۆڕدرێت. بەناو فلتەرێکی ئەستووردا تێپەڕێنرێن. دەموچاوی ڕاستەقینە نابێ بەشێوەی سروشتی ببینرێت: یەکێك لەناوەوە وەکو بورکان کوڵا، نابێ تووڕەییو پەستیو نارەزایی بەڕووخساریەوە دیاربێت. سیاسی دەبێ بەموو لە هێڵە سەرەکیو ناسەرەکییەکان لانەدات، تەنیا ئەوەی بەسەر زماندابێت، کە سەرەوە ڕێگەی پێدەدات. سۆزو پەرۆشی، هەستو نەست، دەبێت لەپشت ماسکی بزەو پێکەنینەوە بەقسەی لاستیکیی تەمومژاوی بشاردرێتەوە. ئەتەکێتی دیپلۆماسی بەهرەو هونەرو زانستە. ئەو کەسەی لەم بوارەدا کاردەکات دەبێ بەوردی ئاگاداربێتو کارامەیی بێسنوور بنوێنێت، هەروەکو میکیاڤیلی ئامۆژگاریی (میر) دەکات.

نزیکەی چل ساڵە لەناو جەرگەی خەباتی سیاسیدا بەشداری دەکەمو ئاگاداری بەشێکی ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتو ڕۆژاوام. دەزانم خەڵکی سیاسی چۆن یاری بەوشە دەکەنو ڕستەسازی دەکەنو بەسەعات لەبەردەم میدیادا دەدوێن، هیچ بەدەستەوە نادەن. من هەندێ جار لەگەڵ خۆمدا دەڵێم: کەسێك قسەی ناو دڵو سەرزمانی یەکێك بوو، هەقە لە شانۆی سیاسی بێتە خوارێ. زۆر کەس پێیانوایە سیاسەت ئەوەیە خەڵکی تر بەریتە سەر ئاو، ئاویان نەدەیتو بیانهێنیتەوە. پاشقولگرتنو ملشکاندنی ئەمو ئەو... لە ڕۆژهەڵاتدا، تا ئەمڕۆش ئێمە هەروا فێرکراوین بەدوای وەهمو تراویلکەدا، بەپێخاوسیو چاونووقاوی رابکەینو گوێ لە هیچ نەگرین. هەمان دیوار دەبێ نەك جارێكو چوار جار سەرمان لێی بدات، بەڵکو چەندین جار سەرمان لێی بدات، ئینجا ڕەنگە بڕوا بکەین، دیوارێك لەسەر ڕێگەکەمان بووە.

ئەوەندەی وەهمو تراویلکەو میتیۆلۆجیا ڕووبەری بیرکردنەوەمانی داگیرکردووە، یەك لە هەزاری ئەو پانتاییە بۆ عەقڵو ئاوەز و لۆجیك جێنەهێڵراوە. ئێستاش ڕووناکبیرەکانمان هەروەکو باو باپیرانیان بڕوایان بە زەبروزەنگو کوتەكو توندوتیژییە. تەنانەت سمبۆلی شاعیرە گەورەکان کۆترو پەپوولەو خاڵخاڵۆکە نییە، بەڵکو سمبۆلی توندوتیژیو زەبروزەنگە. من زۆرجار هەر بۆ سوعبەت ئەو پرسیارەم کردووە: ئەگەر دوو کەسایەتیی مێژوویی زیندوو بکەینەوە (جەنگیزخانو غاندی) و داوا لە کۆمەڵانی خەڵك بکەین دەنگ بە جەنگیزخانو ئەسپو تیروکەوانو شیرو قەڵغانەکەی بدەن، یان بە غاندیو گۆچانو بزنو جلە شڕەکانی؟

نەوەدو نۆو نۆ لەسەد ٪99,9 گوتویانە دەنگ بە جەنگیزخان دەدرێتو یەك کەس دەنگ بە غاندی نادات. ئەمەیە کارەساتی کولتووری سیاسیی ئێمە، کە سمبۆلەکانی زەبروزەنگ بەپیرۆز دادەنرێت. من لەکاتێکدا دەستم داوەتە نووسین (1970) لەسەر وشەیەك پێستی سەری نووسەرەکەیان ڕەوانەی دەباغخانە دەکرد. لە هەلومەرجی ساڵانی (70ـ 1977) ناچاری سەری بە ماڵی ڕەمزو سمبۆلدا کردووم، هیچ نەبێ بۆ ئەوەی ملی چیرۆکەکانم لە دەمی شمشێری سانسۆر دووربخەمەوە. سمبۆلو ئاماژە، پەڵە هەورو ڕەهێڵەو بارانن. سمبۆل جیهانێکی تایبەتەو من ناتوانم هەروا دەستبەرداری ببم، چونکە ئێستاش لای من چێژی خۆی هەیە.

بەداخەوە رەخنەی ئەدەبیی ئێمە، کە لە قۆناخی گروگاڵو دارەدارەیە، نەیتوانیوە لەسەر کێشەی سمبۆل کاربکات. بەشی زۆر هەوڵو تەقەلای راڤەکاریو هەڵهێنانو کردنەوەی رەمزەکان، بەبێ بەکارهێنانی ئامرازو کلیل دەکرێت: بێگومان شارەزابوون لە تیۆرییەکانی ئەدەبو فێرگەو تەیارە جیاجیاکان زۆر پێویستە. لە ئەدەبی ئۆروپی زۆر سوود لە قوتابخانەی شیکردنەوەی دەروونی وەرگیراوە. سیگمۆند فرۆید هەر زۆر بایەخی بە تێگەیشتنو لێکدانەوەی ئەفسانە داوە، (ئویدیپۆس) بۆ تێگەیشتنی گرێ دەروونییەکان، لەسەر دیستۆیۆفسکی لێکۆڵینەوەیەکی نایابی نوسیووە، بە یارمەتیی رۆمانی (تاوانو سزا) و (برایانی کارامازۆڤ). قوتابخانەی شیکاریی دەروونی زۆر گرنگەو نابێ پشتگوێ بخرێت بۆ تێگەیشتنو راڤەکاری بەشێك لەسمبۆلو رەمزەکان. تەشوێو پاچی رەخنەگری کوردی تەنیا ئاراستەی رووکەشو دیوی دەرەوە دەکرێتو ناتوانێت لەدەلاقەیەکەوە بۆ دیوی ناوەوەی سمبۆلەکان شۆڕبێتەوە. هەندێکی تر کە ژێدەرو سەرچاوەکەی زانینی دوو سێ کتێبی کلاسیکیی زانستە سیاسییەکان تێناپەڕێنێت، هەوڵدەدات قاڵبە دراکۆنییەکان لەسەرەوە بەرداتە خوارەوە. بەشمشێری دەمۆکلیس بەردەبێتە بەرهەمێکی هونەریو دایدەپاچێت. راڤەکاریی ساردو سڕی بێتام بۆ رەمزو سمبۆلەکان دەدۆزێتەوە.

جارێکیان چیرۆکی (سەردانی سەرۆك)م رادەستی یەکێك کرد، کە خۆی بەلووتکە ژیانی رووناکبیریی کوردی تێدەگات، ئیدی (تفسیرات)ی ئەوەندە ساردو سڕی دۆزییەوە، کە تاقەتم نەبوو بەهیچ شێوەیەك گوێی بۆ رادێرم، ئەو هەر یەکسەر گووتی: چاك دەزانم ئەمە دژی فلانو فیسارەو دژی ئێمەیە! ئەو کەسە لەوەدەچێ نووسینەکەی بە هەڵەوگێراوی خوێندبێتەوە، چونکە رەمزەکان زۆر سادەو ساکارن. ئەگەر ئەو بەرهەمی رۆماننوسەکانی ئەمریکای لاتینی بخوێندایەتەوە، کە بەشی زۆریان بەراستەوخۆ، یان ناراستەوخۆ پەیوەندییان بە دیاردەی دەرکەوتنی (دیکتاتۆری عەسکەری)یەوە هەیە قەت بیری بۆ ئەوە نەدەچوو پەنا بۆ شیکاریی کاڵو کرچ بەرێت.

"هەڵاتن" لای ئەڵەمانەکان لە ریزی ئەدەبی ئینسانی جیهانی دانراوە. رووداوەکە (خۆشەویستی) بۆی هەیە لەسەر هەر پارچەیەکی ئەم سەرئەرزە رووبداتو بە (دراما)یەك کۆتایی پێ بێت. رەخنەگری نیمچە سیاسی-ئەدەبی کورد، ناتوانێت بەفراوانی ئاسمانو ئەستێرەکانی ناو چیرۆکەکە ببینێت، رەنگە بیستبێتی رووداوێك کە لەفلانە رۆژو فلانە گوند رووی داوەو ئەو رووداوە لە هەناسەو بۆنی رووداوەکانی ناو چیرۆکەکەوە نزیکە، کەواتە: هەردەبێ مەبەست تەنیا ئەو رووداوە بێت، کە ئەو کەسانە تەنیا لە لێوی قاپەکەی بەردەمیانەوە جیهان دەبینن. ئەمە بچووککردنەوەو شێواندنی ناوەرۆكو پەیامی چیرۆکەکەیە...

ئەگەر رەخنەگران پاش خوێندنەوەی ئەم گوڵبژێرە لە کورتە چیرۆکەکانم دەیانەوێ بەشێوازی کلاسیکی، تەنیا لەسەر لایەنی سواو و رووکەش بنووسن، ئەوە تکایان لـێ دەکەم قەڵەمەکانیان لەناو گیرفانیاندا قایم بکەن. دابەزاندنی چیرۆك بۆ ئاستی رێپۆرتاژی رۆژنامەوانی کارێکی پەشمو نارەوایە.

تەمەنی زۆربەی ئەم چیرۆکانە نزیکەی چارەکە سەدەیەکەو بەشێکیان چەند رۆژێك لەمەوبەر نووسراون. بەهیچ شێوەیەك دەستکاریی ئەم بەرهەمانەم نەکردووە، چونکە رەنگدانەوەی سەردەمێکنو رەنگە لەگەڵ بۆچوون تێگەیشتنی ئێستامدا نەگونجێن. ئەم چیرۆکانە دوو خەسڵەت لەخۆیاندا کۆدەکەنەوە، ئەدەبی بەرەنگاری (أدب المقاومە) و ئەدەبی تاراوگە (أدب المهجر). من پێم وانییە هەردەقێك لە دەرەوەی وڵات نووسرابێت ئیدی (ئەدەبی تاراوگە)یە، لەبەرئەوەیە نووسەرەکە بەجەستە لەسەر خاکی نیشتمان نەبووە. مرۆڤ دەتوانێت بەجەستە لەدەرەوەی وڵات بێتو بە رۆح لەگوندێکی زێدو نیشتمان بێت. لەم روانگەیەوە (کارگەی تەنەکە) و (ئامە دەمرەش) نموونەی چیرۆکی تاراوگەن. لەناو چیرۆکنووسە کوردەکاندا یەشار کەمالو ئیبراهیم ئەحمەدو حسێن عارفو حەمە فەریق حەسەن زۆر سەرنجیان راکێشاوم. یەشار کەمال بەتورکی رۆمانی نوسیووەو شکور مستەفاو عەبدوڵڵای حەسەن زادە بەشێکی رۆمانو کارە ئەدەبییەکانیان وەرگێراوەتە سەر کوردی. یەکێك (ئەفسانەی چیای ئاگری) یان (حەمەدۆك) بخوێنێتەوە، هەست ناکات بەکوردی نەنووسرابێت. من هەوڵم داوە وەرگێڕانە ئەڵەمانییەکانی رۆمانەکانی یەشار کەمال بخوێنمەوە، هیچ تاموچێژێکم لێیان وەرنەگرتووە.

(ژانی گەل) ڕۆمانێکە بەشێك لەکێشەکانی کۆمەڵی ئەوسای کوردستان دەنوێنێت. زمانی ڕۆمانەکە زۆر دەوڵەمەندو پاراوە. ئەم ڕۆمانە هانی نەوەیەکی لە چیرۆکنووسان دا دەست بدەنە پڕۆژەی ڕۆماننووسین.

ڕۆژێکیان بە کاك (حوسێن عارف)م گوت: کاریگەریی کورتە چیرۆکی (ئەندێشەی مرۆڤێکی سەوداسەری دوا هەواڵی ئەم سەردەمە جەنجاڵە) لەسەر ستایلو تەکنیکی داڕشتنی بەرهەمەکانی من زۆرە. ئەو، پێی وابوو سوعبەتی لەگەڵدا دەکەمو هەر بۆ موجامەلە ئەو قسەیەم پێ گوتووە. جگە لە (ئەندێشەی مرۆڤێکی سەوداسەری دوا هەواڵی ئەم سەردەمە جەنجاڵە) حوسێن عارف (سەفەرێکی ئەفسوناوی) و (گەلەگورگ) و ڕۆمانی (شار)ی هەیە، هەریەکەیانم چەند جارێك خوێندووەتەوە.

حەمە فەریق حەسەن لە هەشتاکاندا ژمارەیەك کورتە چیرۆکی بڵاوکردەوە، لەڕووی تەکنیكو داڕشتنو زمانەوە زۆر بەرزبوون. پاڵەوانی چیرۆکەکان (جیهانێکی تایبەتی، دووربین، قاوغە شقارتە،...) کەسانی نێگەتیڤو سەلبیو هەڵاتوو نین، بەڵکو سمبۆلی بەرەنگاربوونەوەو بەگژاچوونن. ئەم چیرۆکانە دەگەیشتنە تاراوگەو بۆ ئێمە بەڵگەی درێژەپێدانی خەباتی ناوشارو بەرگریو چۆکدانەدان بوون.

کافکا هەر لە سەردەمی لاوێتییەوە سەرنجی ڕاکێشاوم. سەرەتا وەرگێڕانە عەرەبییەکانم دەخوێندەوە. لە دەرەوە هەوڵم دا بەئەڵەمانی (دادگا) و (گۆڕان) بخوێنمەوە. وەرگێڕانەکان ناوەڕۆكو هونەرو تەکنیكو زمانەکەیان وێران کردووە. شان بەشانی بەرهەمە ئەدەبییەکانی خۆی، دەبێ نامەکانی، بەتایبەتی (نامەکان بۆ میلینا ـ Briefe an Milina) بخوێنرێتەوە. کتێبە بچکۆلانەکەی یانۆش (چەند گفتوگۆیەك لەگەڵ کافکادا) زۆر یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتنی جیهانی کافکا. هەرچەند من ناتوانم هاوبیری جیهانبینیو بۆچوونو تێگەیشتنی ئەوبم.

سەرەتای ژیانی پەنابەریو ئاوارەیی (سەد ساڵ تەنیایی) و (سەرهەنگ کەسێکی نییە نامەی بۆ بنووسێت)ی گابریل گارسیا مارکیزم خوێندەوە، هەر زۆر کاری تێکردم. ڕەنگە لەبن کاریگەرێتیی کارەکانی مارکیزدا (ڕاوەماسی)م نووسیبێت. تەکنیکی داڕشتنی مۆدێرنی ئەم دوو کارە فروسماوی کردم. بەڵام مۆتیڤو ناوەڕۆکەکە ئاراستەیەکی زۆر جیاوازە. ئەوی ڕاستی بێت من بەتەمابووم (ڕاوەماسی) پڕۆژەی ڕۆمانێکی دوورودرێژبێت، هەلومەرجی ژیانی ئەوسام یارمەتیی نەدام ئەو پڕۆژەیە جێبەجێبکەم، تەنیا سەرەدێڕەکانو سکەلێتەکە، بەناوی ڕۆمانەوە ساڵی 1986 بڵاوکرایەوە.

ڕۆمانی (دەهۆڵی تەنەکە ـ Das Blechtrumel)ی گوینتەر گراس نابێ بە عەرەبیو فارسیو کوردی بخوێنرێتەوە. گراس لە تەکنیكو داڕشتندا هەر زۆر سوارە.

من ئەوەندەی دیلی ئەزموونو ئازارەکانی ژیانو هەستو نەستی خۆمم، نیو ئەوەندەش دەروێشی بنکەو بنەما هونەرییە ئاسنینەکان نەبووم. قەڵەمەکەم قەت بەدەستبەسراوی، ملکەچی ڕێبازێکی هونەری نەبووە. بەپێچەوانەوە، هەرکەسێك ڕۆمانی (ڕاوەماسی) و (ئەڵوەنو ئەفسانە) بخوێنێتەوە دەزانێت قەڵەم شمشێری فەرمارەوایەتیی ڕەهای بەدەستەوەیەو لە هیچ ناپرنگێتەوە، ڕێگەپێدراو لای یەکسانە لەگەڵ ڕێگە پێنەدراو، قەدەغەکراو، تابوو، عەیبە، نابێ، جوانەو جوانن‌نییە، لە چرکەی نووسینی چیرۆکدا تارومار دەبن.

(ئێستگەی کۆچو باران) ساڵی 1975 نووسراوەو یەکێکە لە دە چیرۆك، کە تەنیا ئەم چیرۆکەو چیرۆکی (دەرچوون لە بەهەشت) بڵاوکراونەتەوە. کارەکانی تر لای کاك فارووق محەمەد ئەوکاتە دامنابوون، بەداخەوە دەستم نەکەوتنەوە. (ئێستگەی کۆچو باران) ڕەنگە دووەمین هەوڵی کورتە چیرۆکی من بێت، کە بڵاوکرابێتەوە. هەندێ هەڵەی تایپو ئیملای تێدا بەدی دەکرێت، من دژی گۆڕانکاریی تێکستەکەم.

لەکۆتاییدا زۆر سوپاسی ئەو خوشكو برایانە دەکەم، کە لە چاپو هەڵەبڕیو هەڵسەنگاندن یارمەتییان داوم بەتایبەتی کاك حەسەن یاسینو هەوراز محەمەد، کە زۆر وردەکاریی تریشیان لەئەستۆگرت، تەمەنیان درێژبێت. هەروەها زۆر سوپاسی مامۆستا ڕەفیق ساڵح دەکەم، کە چیرۆکی (ئێستگەی کۆچو باران)ی بۆ دۆزیمەوە...